پێشەکی و پێشکەشی

بەو بڕوایە کە شانۆ وێڕای ئەوەی کە سەرەکیترین پێوانەی هەڵسەنگاندنی شارستانیەتی گەل و نەتەوەێکە، تایبەتی هیچ گەلێکی تایبەت نییە. هی هەمووانە و بۆ هەمووانە، بەڵام دیارە کە هەر گەلێ بە زبانی خۆ ئەدوێ و هەر ئەمەش بووە هۆی وەرگێڕانی ئەم دەق یان دەقانە. واتا شانۆ هی خەڵکە و لە بۆ خەڵکە و ئەبێ بە زبانی خەڵک بێ و خەڵکەکان گشت بە یەک زبان قسە ناکەن بەڵام گشت لە شاییا دڵشادن و شایی دەگێڕن و لە شیوەنا خەمبارن و شین دەکەن.

بۆ هەوەڵ جار و هاندەری ئەم ئیشە کاک " سەلاحی موحەممەدی بانە" بوو کە ئاسکێی وەرگێڕا بووە سەر زبانی کوردی و من وکاک "عەبە"یش هاندراین هەردەوێڵ و تەڵحەک وەرگێڕین و بڕیار وا بوو پاشان هەر سێ دەقەکە پێکەوە "هەر وەک فارسییەکەی پێکەوە بڵاو بووەتەوە" لە بەرگێکدا بڵاو بکەینەوە. بەڵام بەداخەوە زیاتر لە ساڵ تەمایەر بووین و کاک سەلاح وەرگەڕاوەکەی نەهێنا و ... ناچار بەو پەڕی بێمەیلیەوە ئەم ئیشە دووبارەکیەم کرد و دیسان وەرمگێڕایەوە و هەر بەو هۆیەش پێشکەش بە کاک سەلاحی ئەکەم و جارێتریش دووپاتی ئەکەمەوە: گەلێ پێم خۆش بوو وەرگەڕاوەکەی کاک سەلاح کە زۆر جوانتر و رێک و پێکتر بوو دەقی هەوەڵی ئەم سێ دەقە پەیوەست و لێک جیاوازە بووایەت. بەڵام مەخابن...

هیوادارین ئەمە سەرەتایەک بێت بۆ وەرگێڕانی نووسراوە بە نرخەکانی کەی «شێکسپێر»ی سەدەی بیست یانی بەڕێز «بارامی بەیزایی». خوا بیکات.

ئیتر سپاس . خالید.

1380/10/26 سەقز

# ئاسکێ

**کامێرا دەکرێتەوە:**
تەرمی هەڵڕژاو، چۆڵگە،پشت دیواری شارێک ،بێدەنگی
کامێرا دەبەسترێ.
کامێرا دەکرێتەوە بە رووی : چیرۆکی هەوەڵدا
قەراخ چۆم، رۆژ، خۆر پڕ گزنگ
- وێنەی خوڕی ئاوێ روون کە تیشکی هەتاو تیا دەبریسکێتەوە.
- وێنەی کوڕەکە بە ساقەتی گژ و گیا تاجەگوڵینە رێک ئەخا
- وێنەی کیژ کە لە ناو گژ و گیا سەر ئەکا.
- کوڕ تاجەگوڵینەکەی ئەکاتە مل کچ، کچە دەستی کوڕ ماچ ئەکا.
- کوڕ و کچ زۆر ماقوڵانە لە ناو ئاوا مەلە ئەکەن.
- کچ سواری ئەسپ،. کوڕ هەوساری ئەسپەکەی گرتووە و دەیهێنێ. تارای کچ با دەیشەکێنێ.
**مەیانی دێ. رۆژ**
( لەبەر ماڵەکانا دەر و دراوسێ دانیشتوون. لە چەن لا مەنجەڵ و قازان لەسەر کوانووی دارە و دووکەڵیان بەرەو ئاسمان ئەڕوات. شنەبایەک جل و بەرگ ئەلەرێنێ . منداڵەکان شڕ و شڕۆڵ سوور لەمان خەریکی یارین. لاوەکان راوەستاون. گەورەکان لە ناوەڕاست مەیان لەسەر بەرد یان کلۆ و یاخۆ کۆتەرە دار دانیشتوون. یەکێ حەسیر ئەچنێ. لە لایەک قوماشی رەنگ کراو لە بەر تاوا هەڵخراوە. یەک دوو کەس ئاگاداریی کوانووەکان ئەکەن ، یەکێ مس ئەساوێ.)
**پیر:** دەی!
**دایکی زاوا:** رمڵیان خستووە، ئەستێرەکان هات و نەهاتیان هەیە. هەگە چەتی تێ نەکەوێ، چواردەی مانگ.
**پیر:** هەڵبەت مانگی چواردە تەواو تەواوە .
**باوکی زاوا:** ئەمێنێتەوە ئەوەی کە خان ئەرباب نە نەهێنێتە ناوکار.
**پیر:** گرنگیش هەر ئەمەیە، کە خان ئەرباب کەیفی لێبێ و نا نەڵێ.
**خوشکی زاوا:** قسەیان لەسەر ئەمەیە، هەر دووکیان
**پیر:** بێ ئیزن؟ ئێمە کە چتی وامان نەبیستووە.
**باوکی زاوا:** ئیزن کە هیچ. خان ئەرباب ئەبێ بەرەکەت باتە وەوی. بەرەکەت لە بۆ خێر و بێر، بەرەکەت لە بۆ زاوزێ.
**زاوا:** بێ شەرت و شروت.
**پیر:** ئەبێ پێشکەشی ببەتیە خزمەتی، مەڕێ یان بزنێ، یا خۆ مامر و کەڵەباب و خپراو هەگە هەتبێ.
**زاوا:** ئێوە داوتانەتە راوە غار. گوێ لە من راگرن، ئەمڕۆ کچ چتێکی بە من ووت.
**قەراخ چۆم. رۆژ**
وێنەی کچ
**کچ:** من خۆم خاوەن بەرەکەتم
**مەیان. رۆژ( درێژە)**

ئێستا کچیش راوەستاوە. با جل و بەرگی ئەشەکێنێ، چپە چپی هەمووان. دایکی زاوا دڵەراوکێیەتی.
**دایکی زاوا:** کەژاڵەکام، لە دەورت گەڕم. گاز لە زبانت گرە.
**کچ:** قسەیەکی خراپم کرد؟
**بیرکەن:** ( بە پاڵ دەستەکەی) دایکێکی زگ گەوهەری هەبووە، لاسارییەکەی بەڵام لە باوکی چووە.
**پیر:** گەوجایەتی ئەکەن. نە فامی ئەکەن. پێتان بفامێنن کە ئەمە نەریتی کۆنە. باوکانی ئێمە ئەمەیان کرد.
**کچ:** باوکانی ئێوە، نە من.
**پیر:** ( هەڵچوو) ئەوەی کە نەیکرد عەوداڵ بوو.
**کچ:** ئەوەی نەبوو لە چوار رێیانی با دا دانیشت.
**دایکی زاوا:** ( دڵ لە دوا) ئاسکەکەم ، داخت نەوینم ، ئاگات لە خۆ بێ.
**دراوسێ:** چەتوون، بە لەونێ ئەدوێ وا بزا ئێمە گشت زۆڵین.
**زاوا:** ( بە دراوسێ) ئاو لێڵ مەکە!
**دراوسێ:** قسەی کراو، تیری هاوێژرراو، حاشاتان پێ ناکرێ.
**زاوا:** گڕ بە کۆتەرەوە مەنێ –( بە بووک) تۆ بە خراپ باست کردن؟
**کچ:** زبانم بە بڕین چی هەگە بە خراپە ناوم بردبێتن. دراوسێیەل من باسی ئێوەم نەکردووە. ئێوە ملی رێی باو باپیرتان بگرن و منیش هەر وا.
**دایکی زاوا:** ( بە بووک) مامزەکەم، بەڵا گەردانت بم. زارت سکڵی سوورە. دارا هاتووی. ئاگر هەڵگرسێنە
**ژنی دراوسێ:** ( توڕە) چیرۆک ئێژی- کەچی؟ وا بزا ئێمە بۆ زۆڵ خستنە چووین. لە خوا ترستر لە ئێمە کێیە؟ ژنان بۆ بێدەنگن. من لێرەوە بە هەمووان رادەگەیەنم سەر بەرزم کە وەختێ وەختی بوو بە گوێرەی حەق خولامەوە، لە هەوەڵ شەوی بووکێنیما ئەربابی گەورە بەرەکەتی دا بە من و خوایش لێم رازی بوو. هەر بۆیە ئێستا خاوەن ماڵ و چەنا مناڵ و مێردێک و کامەرانیم.
**پیرێژنان:** راست ئەکەی، لە خوا شاراوە نییە.
**ژنی دراوسێ:** بڕواننە ئەو روانینە. ئەو پێی خێر نانێتە ماڵتان.
( بە توڕەیی دەڕوات . مێردەکەی دەیبات. با دێ . باوکی زاوا بەرەو زاوا دەچێ.)
**باوکی زاوا:** دەستی لێ هەڵگرە. دەس لەو هەڵگرە. یانی بڵێن تایفەی ئێمە نەیانتووانی کچ بۆ خزمەتی خان بنێرن؟ من ئەم بێ ئەمەکیەم پێ ناکرێ.
( زاوا چاوی پاڕانەوە دەبڕێتە بووک. با دێ)
**باوکی زاوا:** لای دە و دراوسێ سەرشۆڕم مەکە. پیاو بە- سەری پێ دانەوێنە.
( زاوا بۆ لای بووک ئەچێ، بووک پشتی لێهەڵدەکات)
**کچ:** ( بە جەماوەر) لێرە کەسێک هەیە منی گەرەک بێ؟
( زاوا قەتیس ئەبێ، بێدەنگیەکی نالەبار- هاوسێکان لە روودەربایسی لەگەڵ ماڵی زاوا. بیرکەن هەڵدەستێ.)
**بیرکەن:** من کابرایەکی بیرکەنم. یانی کە ئێمە واین لە بنی بیر و ئێوە وان لە سەر. هەگە کوریسی پەلکەت شۆڕ بکەیتەوە ئێمەت هەڵکێشاوەتە سەر.
( زاوا خنجێر دەردێنێ. بیرکەن بە گەمە و پێکەنینی جەماوەر دائەنیشێتەوە. دایکی زاوا بە گریانەوە بەرەولای بووک هەڵدێ.)

**دایکی زاوا:** کارمامزەکەم. قوربانت بم. لاساری مەکە، زارت هێشتا بۆنی شیری لێدێ. مەمکت تازە هەڵتۆقیوە، خوێن هەڵمەگرسێنە.
**قەراخ چۆم. رۆژ**
( - کچ ناکاو لە ئاوی چۆم دێتە دەر
- لەسەر هەوراز سێ سوار دەرئەکەون و را دەوەستن.
- وێنەی گەورەی ئەرباب لەوپەڕی شکۆدا.)
**ئەرباب:** جووانە.
**راوێژیار:** رەوەکە.
**ئەرباب:** بەڵام دەلال وچەلەنگە، من بەرەکەتی پێ ئەدەم.
( یەکێ لە کچەکان ئەقریشکێنێ. گشتا ئەو کچانەی لە قەراخ چۆمن بەرەولای یەک هەڵدێن. سێ سوار دوور ئەکەونەوە. کچ ترساو ئەڕوانێتە دوور کەوتنەوەیان.)
**مەیان. رۆژ ( درێژە)**
( ژنێ شێت بە دار دەستە درێژەکەیەوە نزیک ئەبێتەوە. هەر ئەو شوێن و چۆنایەتیەی پێشوو)
**شێتە ژن:** باش نییە من ئەمە بڵێم، گیانی ئەو کابرا لە گۆڕا ئەلەرزێ بەڵام چ تەوفیرێ ئەکا، ئێستا ئیتر کۆتایی بە هەموو چتێ هاتووە. بەڵام – راستیەکەی ئەمەیە ، ئەو شەوە، هەر ئەرباب ، تەنیا خۆی نەبوو- ئەو، چەن میوانی هەبوو، کە هەموو مەست بوون ....
( پیر بێتاقەت لە شوێنی خۆ هەڵدەستێ)
**شێتەژن:** ( بە گریانەوە) پاش ئەرباب نۆرەی ئەوان هات.
**پیر:** ئەم ژنە ئاگای لە خۆ نییە. شێتە. گشت باش ئەیناسن.
**شێتەژن:** ( بە گریانەوە هاوار ئەکات) بۆ ئەمەیە کە من بۆ مێردەکەم خێرم نەدایەوە.
**پیر:** بۆ ئەبێ گوێ لە قۆڕیاتی خۆ فرۆشێ راگرین؟ ئەمە کفری نێعمەتە! ساڵ دێ و دەچێ. بۆرە دەسکەوتێ پاش ئەو گشتە عارەق رژاندنە، ئەمەیش ئەبێ بە غەزەبی ئاسمان لە کیس چی؟ خوایێ لە ئاسمان ، خوایێ لە زەوی.
**زاوا:** منم کە عەرز ئەکێڵم و تۆو ئەچێنم.
**پیر:** زەویەکەی تۆ وشکە و ئاو هی ئەربابە.
**زاوا:** زەوی لە بۆ ئێوە، من راو ئەکەم.
**پیر:** خنجیر و داو هی تۆیە، مەلی ئاسمان هی ئەربابە.
**زاوا:** من دەس گراوی خۆ ئەگرم و لێرە ئەڕۆم.
**باوکی زاوا:** نیگای ژنێ وای گۆڕاوی؟ سبەینێ کە لە گەڵت نووست چ دەبێ؟ بێدەنگ بە. دوو گوێیان بە تۆ داوە و زبانێ ، کە یەک بڵێی و دوو. ببیسی. چاویان بە تۆ داوە کە دایخەی. پشتیان پێداوی کە بچەمیتەوە. پێیان پێداوی کە چۆک دا بەی. تۆی بە چکە سەپان سەرچڵی مەکە. قەیر راگرە. گوێ بگرە و بڵێ وەبان چاو. ئێزن بخوازە و هەگە ئەو بەرەکەتی بە ژنەکەت دا لە هەمووڵا بگەڕێ و چاڕیدە و سفرە راخە و شایی بکە، بۆ ئەم بەختە بەرزەی کە هەتاوی بەرەکەت لە ماڵەکەت پژاوە.
**ماڵی ئەرباب. رۆژ**
( ئەرباب سەر بەرز ئەکاتەوە. لە بەردەمیا زاوا بە چۆکا هاتووە. دەست و پێوەندی ئەرباب لە لایەوەن.)
**زاوا:** ئەرباب، هەتا کوێ زەوی تۆیە؟

**ئەرباب:** ڕێیان لێ بەدەر نابەی. هەتا پێی تۆ عەرز بگرێ و ڕێ ببڕێ زەوی منە. زەویەکانی من لەگەڵ تۆدا دەڕۆن. پان ئەبنەوە. درێژ ئەبنەوە و دێنە یەک. زەویەکانی من بە کێوە بەرز و تووشەکان دەوریان گیراوە.
**زاوا:** ئەرباب! من لە کێوە تووشەکان وەسەر دەکەوم.
**بەرکۆخی کچ. ڕۆژ**
( دایکی زاوا دڵ پڕ، کچ بێژنگ ئەچنێ. بای دێ، حەسیری نیوە چنراو و قوماشی ڕەنگ کراو بەسەر گورسیەکانەوە ڕاخراون.)
**دایکی زاوا:** ئاسکۆڵەکەم. من لە بۆ ئەترسم. هەگە خۆشت ئەوێ بگەرە فریای. ڕەعیەت کە دایە باری سەرشێتی ئیتر ڕەعیەتی ناکات. ئێمە گشت گیای عەرزین. گیای هەرز بژار ئەکرێ و هەرزن ئاو ئەدرێ. من ترسم لە بۆ تۆیە. باوکت زۆر نەژیا. لاساران تەمەنیان کورتە.
**لای کۆخی زاوا. ڕۆژ**
( بای دێ ، باوکی زاوا بە دار دەس هێرشی بۆ بردووە، هاڤەڵانی زاوا ئەویان کە وەک دڕندەیەک توڕە و ڕقاوییە ڕاگرتووە.)
**باوکی زاوا:** ووتم دەسی لێ هەڵگرە- تۆ ئەوت لە شەڕە دارا بردووەتەوە، ڕاست ناڵێم؟ هەرچەن ئەڵێن پێچەوانەی ئەمەیە و تۆ لە بەر ئەو شەڕە دارکەت بردووەتەوە. ( ڕاماو) گەنجەکان ، وا پیاما مەڕوانن- ( دارەکەی فڕێ ئەدات) من پیرێکی خرەفیاو، بەڵام هەرچتێ بایی چتێکە، نانێ بە دراوێ ، دوو نان بە دوو دراو، بەڵام هیچ چتێ نییە کە سەنگ بایی ژیان بێ.
**لای ئاشی با. ڕۆژ**
( کچ ئیش ئەکات، زاوا بە پەناپسکێ نزیک ئەبێتەوە. دەنگی زەنگۆڵەی چەن وڵاخ. کایە و یاریی مناڵانی شڕ و شڕۆڵ.)
**کچ:** دوێنێ شەو لە پشت درگای کۆخەکەمدا بووی.( کوڕ ماق ماوە) من لە دەلاقەوە چاوم لێت بوو.
**زاوا:** شەوانی پێشوویش.
**کچ:** من گشت شەوێ چاوم لێت بووە.
**زاوا:** تاکەی دوان بنێم بە جەرگا؟ هەرچی ئەبێ با ببێ، هەتا کەنگێ لە پشت دەرکی کۆخەکەتا تەمایەری ڕۆژ بوونەوە بم؟
**کچ:** ئەمشەو کە بیت درگای کۆخەکەمت بۆ دەکەمەوە.
**زاوا:** سەرت سلامەت. لەوانەیە پەل و پۆ دەرکەم، بەڵام...
**کچ:** لە لۆمە ناترسێم.
**زاوا:** بۆ ئەبێ وەکا دز بێم بۆ کۆخی تۆ؟ ئێمە کە هێشتا پاڕانەوەمان تاقی نەکردووەتەوە. کەرەمی خوات چ دیوە؟ ئەمڕۆ دەچم بۆ لای خانی تاتار ، دەستی ماچ ئەکەم، پێی ماچ ئەکەم. ڕازیی ئەکەم. قەسەمی ئەدەم.
**کچ:** هەگە نەبوو؟
**زاوا:** بوخچەی کۆچ تێکنێ، بەشەو ئەڕۆین.
**ژووری لە کۆشکی ئەرباب. ڕۆژ**
**ئەرباب:** فێرە قسە بوویی کوڕە ڕەعیەت. نوێژت باتڵ و ئاوت حەرام. ئەمە قسەی کێیە، تۆ یان کچە؟
**زاوا:** ( خۆ بە زەویدا ئەدا) ئەو ڕازیی بوو ئەرباب. من ئەم بیجایەم کرد.
**ئەرباب:** یاخی بوون وەکا تاعونە. چۆن ڕەعیەت لە خوو و خدەی خۆ لا دات؟ مینا ئەوەی کە خاک بڵێ بەر نادەم.

**زاوا:** ئێمە لە خاک کەمترین ئەرباب.
**ئەرباب:** ( رازیی) من ئەوم دی. کیژێکی پێگەیشتوو و دلڕفێن بوو. ئەرباب بەشی خۆی بێ کەم و زیاد گەرەکە.
**زاوا:** ئەرباب، تۆ خاوەن دەسەڵاتی، وەکا منالّی خۆت پیامانا بڕوانە. سەرشۆڕم مەکە. بە وشەیەک فەرمایش فەرموو، بنووسە چوار دیوارییەکەی من حەسێب بکەن. پارەی رەش بێ یان سپی فەرق ناکات. ئیزن فەرموو. سەرشۆڕم مەفەرموو.
**ئەرباب:** ناجسن، تۆیێ کە لێرە وا ئەپاڕێیتەوە لە ناو دەر و دراوسێتدا ئەڵێی چی؟ ئەڵێی ئەربابمان فریو دا یان ترسانمان؟ ئێوەی دەغەڵ باش دەناسم.
**زاوا:** لەگەورەییت کەم نابێتەوە ئەرباب، ئیزن فەرموو. با کاری نەبێ پەژیوانی لە دوا بێ.
**ئەرباب:** خانی خاوەن دەسەڵات بە تۆ ئەڵێ: لە زەوی و زاری منا سرکە مایینی ئێجگار دەڵەوەڕن. من کەیفم لە هەر کام بێ دەیهێنمە ژێر رکێڤ.
( زاوا وەک شێت دەست ئەداتە خنجێر ، بەڵام بەر خۆ دەگرێ) زاوا: بەداخەوە هەر دووکمان بێژەری لا ئیلاهە ئیلەڵڵاین.
( دەیگرن. راوێژیار خنجێرەکەی لە کێلان دەردێنێ و ئەیدا بە ئەرباب.)
**راوێژیار:** ئەمە گیانی خۆی ناوەتە سەر دەست و هاتووە.
**ئەرباب:** تۆ ژیانت ناوەتە سەر دەست و هاتووی( خنجێرەکە فڕێ ئەدات) من ئەوەت پێ ئەدەمەوە( زاوا بەرەڵا ئەکەن) با بڵێی خانی ئەرباب دلۆڤانی کرد.
( زاوا لە خۆشییا سەری کڕنۆش ئەنێتە سەر عەرز.)
**راوێژیار:** خنجێر!
**زاوا:** ئامرازی ئیشی راوە.
**ئەرباب:** رەعیەت ئامرازی پێویستە. هەڵیگرە. هەرچی زووتر سەری خۆ داخە و بڕۆ. هەرچەن ئەمە پێچەوانەی ئاوەز و فامە. بەڵام بڕۆ. تۆ ئازادی.
**زاوا:** ئێوە گەلێ دلۆڤانن ئەرباب( دەستی ئەرباب ماچ ئەکات.) دۆعای خێرت بۆ دەکەم
**ئەرباب:** ( دەستی ئەکێشێتە دواوە) چاو رۆشنانە و دیاریی ئەرباب بە دوا تا دێ. بڕۆ و ئاوڕ مەدەتەوە.
**چۆڵگە . نیوەڕۆ**
( زاوا لە تەپۆڵکەوە دادەگەڕێ. هەڵدێ و هەڵئەخاتەوە و شاد و سەرمەست. لە خۆشیانا یەک دوو جار هاوار ئەکا و ئەنەڕێنێ. دوو سوار بە دوایا لە تەپۆڵکەوە دا ئەگەڕێن. زاوا لە شوێنێکا رائەوەستێ و بە دیتنیان دڵشاد دەستیان بۆ هەڵدێنێ. دوو سوار بەرەولای ئەم دێن. زاوا بەرە بەرە ترس گەمارۆی ئەدا و وەڕێ ئەکەوێ. بەرە بەرە هەنگاوەکانی توندتر ئەکات. ئەوانیش هەروەها. زاوا یەخەی کراسەکەی ئەکاتەوە. ئەگەنە راسایی چۆڵگە. زاوا هەڵدێ. ئەوانیش بە سوارییی لە دوو لایەوە بە گەمە و یاری پێکردن دوور و نزیک ئەبنەوە و جار و بار بە قامچی، سووک لە زاوا ئەدەن. زاوا هەستی بە مەترسی کردووە. خنجێر دەردێنێ و ئەیەوێ ئەوان لە خۆ دوور بکاتەوە. بە هەموو هێزەوە هەڵدێ. نوقمی عارەقە و ئاوە و یەکە یەکە کەوا و کراس و پشتوێن لە خۆ دوور ئەخاتەوە. دوو سوار تاوێ دوور ئەکەونەوە. زاوا بە هەناسەبڕکێ و شەکەت، پڕ لە عارەقە و تینوو چاوی بە چۆم ئەکەوێ. خنجێرەکە دا ئەخات و بەرەو ئاو هەڵدێ. هەناسە سوار سەری خۆ ئاکا بە ناو چۆما و ئاو ئەخواتەوە. پاش تاوێکی کورت دەستێک سەری لە بن ئاوا رادەگرێ. زاوا هەوڵ ئەدا خۆ رزگار بکات. بێ کەڵکە دەس و پا ئەکوتێ و ئەمرێ)
- ئاسمان
- کەروێشکەی با لە ناو گژ و گیای قەراخ چۆما

- تەرمی زاوا بەسەر ئاوەوە.

**گۆڕستان. ڕۆژ**

( چەن کەسێ گۆڕ هەڵدەکەنن. ژنانی شینگێڕ لە گۆڕستانن. کوڕێکی منداڵ هەڵدێ و ترساو ئەنەڕێنێ. هەندێ کەس ئەکەونە دوای.)

**قەراخ چۆم. ڕۆژ**

( کوڕەی ترساو دەگاتە قەراخ چۆم. هەموو لەوێ لەم بەر و بەری چۆم کۆ بوونەتەوە. دایکی زاوا دەگات. هاوەڵانی زاوا خۆ لە ئاو ئەدەن. کچ تا ناوقەدا لە ئاوایە و لە ژوور سەری تەرم ڕاوەستاوە و ماق ماوە. بە دەنگی قریشکە و گریانی دایک دێتەوە بە خۆیا، تەرمەکە وێڵ ئەکا کە هاوەڵانی زاوا بیگرن و خۆی لە چۆم دێتە دەر. بیرکەن بە خنجێرەوە نزیک ئەکەوێتەوە.)

**بیرکەن:** من ئەمەم زۆر لە ژوورترەوە دۆزیەوە. هینی ئەو بوو، ئەبێ بیدەم بە کێ؟

**کچ:** ( خنجێرەکە وەر ئەگرێ و پیایا ئەڕوانێ) تۆ هێشتا منت ئەوێ؟

**بیرکەن:** ژینی من خراپتر لەوەیە کە پا ڕەشی کەسێ خراپی بکات.

**کچ:** بە هەمووان ڕابگەیەنە.

**بیرکەن:** گاڵتە ناکەی؟ بۆ ڕاوەستاوم- هەگە وابێ ئەبێ پێشکەشیەکت پێ بدەم.

**کچ:** تۆ پێشکەشی خۆت داوە.

( ئەڕوات. بیرکەن ماق ماوە. هاوار و بانگ و شین و شەپۆڕ.)

**مەیان. پاش نیوەڕۆ**

( نیشانەکانی جێژن و شایی و زەماوەند لە دار و دیوار دادەگرن.)

**گۆڕستان. پاش نیوەڕۆ**

( دووکەڵی چراکان. گشت شینگێڕن. گۆڕ هەڵدەکەنن. دایکی زاوا سینگ ئەکوتێ. هەریەک بە جۆرێ دەگری و دەلاوێنێ. هاوەڵانی زاوا لە دوورەوە دەف لێدەدەن و کۆڕێکی زکری قورس و خەمبارانە دەگرن.)

**دایکی زاوا:** ( بە سۆزەوە دەگری) من بەو روو داماڵراوەم ووت: هەی بێ ئابڕوو، هەی بێ حەیا، هەی بێ شەرم. بە گیانی تاقە کوڕەکەم یاریی مەکە. من بەو لاسارە بێ گوێیەم ووت. مەخابن.

( لە ناو دووکەڵ و دەفەوە کچە دەر ئەکەوێ کە شینی نەپۆشاوە. کابرای بیرکەن ها بە دوایەوە. کچ بە ئەسپایی دێتە پێش. جووڵەی جەماوەر. دایکی زاوا دیتوویەتی. ئاگای لە خۆ نامێنێ. خۆڵ ئەکا بە دەور و بەرا.)

**دایکی زاوا:** وەرە و بڕوانە. ئەوەی کە لە بۆی مردی مێشێ میوانی نییە. سەر و دڵ خۆش. وەک دار سەوڵ ڕاست ڕاوەستاوە. تەنانەت فرمێسکێکی نەڕژاند. دایک هەژار بۆ کەسێ بمردایەتی کە یاوی بۆ بکردایەتی. پێم ووت: کارمامزەکەم. دەرد و بەڵات لە من کەوێ. ئاگر مەنێ بە خەرمانمەوە. دوژمن شادم مەکە. دڵم مەشکێنە، چاوم نوقمی خوێن مەکە.( ناکاو) هەی سەڵیتە، هەی کافر، بۆ هاتی؟ ( خۆی بە سەر مەیتەکەدا ئەدات.) تاقە لاوەکەم، بۆ کی بە رووتی چوویتە ژێر گڵ، لە کوێی کە بێ ئەمەک بە رووتی لە نوێنا ببینی، ئەو بێ پیاو هەڵناکات. هەتا بە تۆ ئەگات لە پاڵ هەزارا ئەنوێت.( بە بووک) بۆ هاتی؟ ڕەنگە هاتبێتی پێمان ڕابگەیەنی کە ئەتەوێ شوو بکەی.

**کچ:** من شوو ئەکەم.

**دایک:** ( سەرسووڕماو) نا. من باش نەمبیست. ئەی بۆ نامرم. بۆ نامرم؟

( بەرەو کچ هاشاوڵ ئەبات. ڕایدەگرن. کچ لە ژوور سەری تەرم دائەنیشێ. دەست ئەنێتە سەر عەرز.)

**کچ:** ئیزنم بدە. ئەستێرەکان هات و نەهاتیان هەیە. چواردەی مانگ.
( قریشکە و هاواری دایک کە لە سەرخۆ ئەچێ.)
**خوشکی زاوا:** هەی روو رەش. هەی ئاڵۆشایی. بۆ بەم پەلە ؟ نەت ئەتووانی دوو رۆژ دوان بنێی بە جەرگا؟
**بیرکەن:** ( بە کچ) پیران تاقەتیان گەلێکە. من قسەیەکم نییە بیخەینە دوواوە.
**کچ:** ( هەڵدەستێ) نا. چواردەی مانگ شەوێکی موارەکە. من ئەبووایە ببووایەتم بە بووک و ئێستایش دەبم.
**بیرکەن:** ئەرباب بەرەکەتت پێ ئەدات.
**کچ:** هیچ چتێ نەگۆڕیاوە.
( کچ هێدی دوور ئەبێتەوە، زۆر بە ترساو و بێ بڕوا دەڕواننە دوور کەوتنەوەکەی. بای دێ)
**دایک:** خوێنرێژ. خوێنرێژ. تۆ ژن نیت. بەبری مێی، جل و بەرگی بووکێنی کفنت بێ- کەژاڵەکەم، ئازیزی دڵەکەم، تۆ چیت کرد بە من؟
**لە بەر کۆخی کچ. رۆژ**
( سووڕی چەرخ، گارییە دێتە سەر جادە، کچ لە گارییە دایە. تارای بووکێنی بەسەریەوە. زۆربەیەک لە پێش و پاشی گاریەوە دێن. دەور و بەری کچ ئاوێنە رادەگرن. کابرای بیرکەن، هەوساری ئەسپی گاریەکەی بە دەستەوەیە. شاد و کامران دێتە بەر چاو. گارییە بەرەو پێش ئەڕوات، لە دوو لاوە شین گێران بەرەو روویان دێن.)
**مەیان. رۆژ**
( گارییە لە لای مەیانەوە تێپەڕ ئەبێ، گشت لە چوارچێوی دەلاقەکانا ، یان لە پاڵ درگای خانووەکانا سەیر ئەکەن. باوکی زاوا لە بەردەم درگای ماڵەکەیا دانیشتووە، تیکڕمیا و چاو بە گریان بە دەست سەر و چاوی خۆ دائەپۆشێ.)
**گۆڕستان. رۆژ**
( وێنەی شینگێڕی و شینگێڕان لە ئاوێنەکانی دەور و بەری بووکدا. دەهۆڵ و زووڕنا کە لە پێشدا ئاهەنگی شاییان دەگێڕا، ئاهەنگ ئەگۆڕن بە چەمەری و کاتێ لە گۆڕستان تێپەڕ ئەبن دیسان دەیکەنەوە بە ئاهەنگی شایی و هەڵپەڕین. دایک بە دیتنی پۆلی زەماوەند وەک شێت لە گۆڕستان دا هەڵدێ و ئەوانیتر ئەکەونە دوای کە ئەهوەنی بکەنەوە.)
**چۆم. پاش نیوەڕۆ**
( گاریەی بووک لە لای چۆمەوە تێپەڕ ئەبێ. لەسەر تەپۆڵکە چەن سوار بۆ پێشواز راوەستاون.)
**دیواری باخی ئەرباب. پاش نیوەڕۆ.**
( گاریەی بووک کە سوارەکان لە پێش و پاشیەوەن دەگاتە بەر درگای باخ، درگای باخ ئاوەڵا ئەبێ. گاریە و سوارەکان ئەچنە ژوورەوە. بەر بە کابرای بیرکەن ئەگرن. بیرکەن ئەمێنێتەوە و ئەڕوانێتە دوور کەوتنەوەی گاریە لە باخا، درگای باخ ئەبەسرێ، بیرکەن ئاوڕ ئەداتەوە و نازانێ چی بکات. بۆ هاوڕێکانی بزە دەگرێ. راوێژیار لە دەرکێ بچووکی پاڵ درگای باخەوە دێتە دەر.)
**راوێژیار:** بگەڕێنەوە بۆ ماڵتان. هەتا بەیان شەوێ درێژی ماوە. زاوا کامیەک لە ئێوەیە؟
( بیرکەن بە نابەدڵیەوە ئەچێتە پێش.)
**راوێژیار:** ( چاوێ بە سەرتاپایا ئەخشێنێ) خانی چاو وەر کەرەمێکی گەورەی بۆ تۆ کرد. بووکت موارەک، تۆ ئەتووانی هەر لێرە بمێنیتەوە. بەڵام بە بێ دەنگ و هەرا. نان و پێخۆری شێو بۆ ئێوەیش ئەهێنن.
**بیرکەن:** شێو؟ ئا ، بەڵێ، ئەمێنمەوە.
**راوێژیار:** ( ئەڕوانێتە ئاسمان) زۆری نەماوە مانگ هەڵبێ.

**ژووری ناو کۆشک. ئێوارە.**
( پیرێژنەکان جێگە و نوێن را دەخەن. شەراب و پیاڵە لە لای نوێنەوە دادەنێن.)
**شەقامێکی باخ. ئێوارە**
( کچ بە جل و بەرگی بووکێنی لە ناو دارەکانەوە کە وەک کۆڕی تاپۆ و تارمایی دەنوێنن، دەبزێت. دەهۆڵ و زووڕنا لە بەر دەمماڵی ئەربابا دەیکوتن.)
**سەربانی کۆشک. ئێوارە**
( خانی ئەرباب و هاو پیاڵەکانی)
**میوانێک:** بڕوانن، وا مانگ هەڵات.
**ئەرباب:** ئەو شەرابی مێوژە بدە بە من.
**میوانی هەوەڵ:** من مانگم بەم تریفە نامۆوە نەدیتبوو
**ناو کۆشک . شەو**
( پیرێژنەکان کچە ئەبەنە ژوورەوە و درگا دادەخەن.)
**مەیان. شەو**
( گشت لەسەر عەرز دانیشتوون. بەرە بەرە بە شێوەیەکی هێمنانە لاواننەوەیەکی گشتی دەست پێدەکات و پەرە ئەسێنێ. یەکێک دەس ئەکا بە لاواننەوەیەکی بەرز و بە دەنگ.)
**ژووری خەو. شەو**
( پیرێژنەکان دەست ئەکەن بە رووت کردنەوەی کچ. دەهۆڵ و زووڕنا لە باخا ئاهەنگێکی نوێ لێدەدات.)
**سەربان. شەو**
( ئەرباب هەڵدەستێ. ئەو پەڕی شان و شکۆ.)
**ژووری خەو.( درێژە)**
( پیرێژنەکان رووباری سرکایەتی کچ ئەبنەوە. یەکیان دووانەکەیتریان ئەنێرێتە دەرەوە.)
پیرێژن: باش، بۆ دەرەوە. ئەمە ئیشی خۆمە. بڕوانن گشت گیانی بە عارەقە خوساوە.
( دوو پیرێژنی هەوەڵ بە پێکەنینەوە دەڕۆن.)
**پیرێژن:** دڵ داشۆرە کەنیلە، چتێ نییە. خوا و خورمات بیستووە؟ فاڵ و تماشا پێکەوە( تارا لەسەر رووی لا ئەدات.) کەنییە شیرینەکەم ئەز تۆ دەناسم. پارەکە لای کانی چاوم پێت کەوت، چەنێ گەشایتەتەوە. ئەو دوو لیمۆکەت چ لێ کرد؟
**کچ:** گۆڕامەوە بە دوو هەنار.
**پیرێژن:** گیانئەدەی بۆ پیاو. ئەزانم. منیش خۆم شەوێ وا وەک تۆم هات بە سەرا.
( قسە بە سەرلێویەوە ئەماسێ. بریقەی خنجێری نێو مەمکۆڵانی کچ. پیرێژن دەترسێ و دەسڵەمێتەوە.)
**کچ:** ئاو بێرن بۆ دەست نوێژ.
**پیرێژن:** نا، تۆ ئەو کیژە نیت کە من لای کانی دیتم. تۆ وەکا ئەو بەورەی دەچی کە باووکم لە حەکایەتەکەیا باسی دەکرد.
( بە گریانەوە دێتە پێش و دەستی کچ ماچ ئەکات.)
**ژووری ئەرباب. شەو**
( دەنگی دەهۆڵ و زووڕنا، پیرێژن دێتە ژوورەوە.)
**پیرێژن:** خان گیان، وەساقەت بم، کەنیلە چاوەڕێتە.
**ئەرباب:** ( رازیی) ئاو بهێنن بۆ دەسنوێژ.
**ژووری خەو. ( درێژە)**

( پیرێژن بە گریانەوە دۆعا ئەکات. ناکاو گوێ رادێرێ، چراکە کز ئەکات. ئەرباب دێتە ژوورەوە. چاوی بە کچ ئەکەوێ، کچ پشت لە ئەرباب و روو لە ئاوێنە ، تارا لەسەر بەژنی خۆ لا ئەبات. ئەرباب بە کەیفەوە چاو ئەقونجێنێ و بزە دەگرێ.)
**ئەرباب:** شوکری خوا.
**پیرێژن:** لە پشت دەرکە رادەوەستم.
( ئەرباب سەر ئەلەقێنێ. پیرێژن ئەڕوات و درگا دادەخرێ.)
**باخ. شەو**
( پیرێژن بە مۆسیقا ژەنەکان و چاودێران )
**پیرێژن:** ئەرباب فەرموویان هەموو سەرخۆش بن. هەر کەسێ ویستی بچێ بۆ شەرابخانە بابچێ و ئیزنی دراوە. بەڵام دەهۆڵ و زووڕنا ئەبێ بەرزتر بیکوتن. بەرزتر و بەرزتر. ئەرباب گوتی ئەبێ گوێی فەلەک کەڕ بکەن.
**ژووری خەو( درێژە)**
( وێنەی گەورەی ئەرباب کە خنجەرێکی لێ ئەدرێ. خوێن لە دەمیەوە دێتە دەر. بۆ تاوێ هەناسەی لێدەچنرێ.)
- وێنەی تەواو باڵای هەردووکیان . رووتن، ئەرباب هەوڵ ئەدا هاوار بکات. کچە لەتێ لە جل و بەرگەکەی ئەکا بە دەمیا و زاری ئەئاخنێ. خنجێری کوڕ لە مشتی کچ دایە. کچە خنجێریێتر دائەهێنێتەوە، ئەرباب دێ بە چۆکا.)
**باخ. شەو**
( دەهۆڵ و زووڕنا دەیکوتن، پیرێژن دەگری.)
**ژووری خەو( درێژە)**
( دەستەکانی ئەرباب لە دوو لاوە بەستراوەتەوە. کچ لەسەرخۆ و بە وردی جن جنی ئەکات. کامێرا دەبەسترێ.)

**کۆتایی**

Filename: پێشه.doc
Directory: F:\Documents and Settings\xalid\My Documents
Template: F:\Documents and Settings\xalid\Application Data\Microsoft\Templates\Normal.dotm
Title: پێشەکی و پێشکەشی
Subject:
Author: MRT
Keywords:
Comments:
Creation Date: 3/10/2003 2:53:00 AM
Change Number: 34
Last Saved On: 8/26/2009 1:29:00 PM
Last Saved By: dilax
Total Editing Time: 340 Minutes
Last Printed On: 3/21/2007 11:51:00 PM
As of Last Complete Printing
Number of Pages: 11
Number of Words: 3,251 (approx.)
Number of Characters: 18,535 (approx.)